# ڕێکخراوی فریاکەوتنی مرۆیی خانەقی هەوڵی گەڕانەوەی ئاوارەکانی نەفتخانە دەدا

## ئاوارەکانی نەفتخانە: هیچ مافێك لە سەرووی مافی گەڕانەوەی ئێمەوە نییە

نەفتخانە نزیکەی 30کیلومەتر لە خوارووی شاری(خانەقی)یە و چەند ولە سەر سنووری ئێرانەو هەر بە راستی"خانی نەوتە"و یەکێکە لە شارۆچکە ستراتیژییە هەرە گرنگەکانی کوردستانە، لەبەر ئەوەی ئەم شەرکەت و سەرچاوانەی تێدایە:

1- 38 چاڵە نەوت(لە 1924تا ئێستا تەنها سوود لە 4 چاڵی وەرگیراوەو نەوتەکەی بە بێ تۆربین دەگاتە پاڵاوتنی دۆرە لە بەغدا)
2- 17بیری گاز
3- شەرکەتی چیمەنتۆ
4- شەرکەتی گەچ

سەر ڕێگای خانەقی- نەفتخانە و دێهاتەکانی وێرانکراون و لە دێهاتی هەژارترین وەڵاتی ئەم گوێزەوییە دەچن، نەك لە دێهاتی یەکێك لە دەوڵەمەندترین شوێنەواری جیهان.

ئەم شارۆچکەیە لە نێوان ساڵی 1974و1975دا، کەوتە بەر هێرشی رەگەزپەرەستی رژێمی بەعسی گۆڕبەگۆڕکراو و ئێستا بریتییە لە پاشماوەی سەددان خانوو، قوتابخانە و بۆری وبەرمیلی وێرانکراو و ژەنگخواردوو و تاقە یەك کرێکاری کوردی ئاوارەکرتوی بۆ سەر ئیشەکەی نەگەڕاوەتەوە، تەنانەت بەرێوبەر، فەرمانبەر و کرێکارەکان هەموویان لە عەرەبە بەعسی و هاوردەکانن و تا ئێستا بە هیچ لایەن، هێز، دەسەلات و حزبێك، خەڵکی ئەوێی بەسەرنەکردووە، بۆیە نەفتخانە نموویەکی زۆر زەقە بۆ کەمتەرخەمی بەرپرسەکان و پەراوێزیی.

لەسەر داوای نوێنەری ئاوارەکانی نەفتخانە، ڕێکخراوی فریاکەوتنی مرۆیی خانەقی، لە 18،12،2005، نامەیەکی رەسمی ئاراستەی سەرۆککۆماری عیراق بەرێز جەلال تالەبانی کرد و تێدا داوای گەڕانەوەی ئاوارەکان و قەرەبووی زیانەکانیان لێ کرا و نامەیەکی تر ئاراستەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستا بەرێز مەسعود بارزانی کرد و تێدا داوای لێ کرا، بەشێوەیەکی شەخسی سەرپەرشتی پرۆژەی گەڕانەوەی ئاوارەکان بکات تا لە گرفتەکانی کارە بیروکرتییەکان و تەگەرەکانی تری سەر ڕێگای گەڕانەوەیان رزگار ببن. لە هەمان کاتدا، بۆ سەرخستنی ئەم هەڵمەتە، ڕێکخراوەکە دەستیکرد بە هەوڵدان بۆ ڕێکخستنی پێداویستییەکانی گەڕاندنەوەی نزیك(300)خێزانی ئاوارەکراو.

تـا ئێستا بە هاوکاری بەڕێوەبەرایەتی مافی مرۆڤ و ئاوارە و ئەنفالی گەرمیان، نزیکەی(50 )خێوەت لەگەل پێداویستییە سەرەتاییەکانی ڕێکخرا.
ڕێکخـراوەکە لـە 2005/12/29، کۆبوونەوەیەکی لەگەل بەڕێز عەقید هیشام ئیسماعیل حەقی(بەرپرسی کاری سەربازی هاوبەش لە خانەقی)، عەقید عەباس(بەرپرسی ئاسایشی نەفـتخانە)، عەقـید سـەید عەلـی کاکەیـی)بەرپرسـی سـەربازی لـە ناوچـەی مەندەلـی) و مـوقەدەم بەکـر شاکر مەحمود(بەرپرسی پۆلیسی نەفتخانە) کـرد و پاش هەڵسەنگاندنی ئـەم هەوڵـە و لـێکدانەوەی بارودۆخـی ئاسایـشی شـوێن و ڕێگـای ئاوارەکـان، هەمـوویان ڕاشکاوانە پشتیوانی و هاریکاری خۆیانیان ڕاگەیاند.
ئیمـڕۆ(2005/12/30 بەشـێك لـە ئاوارەکان لـە ژێـر دروشمی(هیـچ مافێك لە سەرووی مـافی گەڕانـەوەی ئـێمەوە نـییە) لـە گـەل چادر و تفاقەکانی ناوی بەرەو زێدی باوباپیرانیان کەونـە ڕێ و لـەناو خـێوەتەکان دەمێنـنەوە تـا ئـەو ڕۆژەی داخوازیـیە ڕەواکەیان جێبەجێ دەکرێت.
لـە کاتـی خـێوەت دامەزراندندا بە دەیان ئەفسەری سەربازی و پۆلیس هاتن بۆ شوێنەکە و پـشتیوانی خۆیانـیان ڕاگەیانـد و لـە کارەکە هاریکارییان کردین و تەنانەت ئاویشیان بۆمان هێنا.
بـەم بـۆنەیەوە، بەڕێـز نەقیب هۆشیار ئەحمەد وتی: ( گەرچی ئەم ناوچەیە لەرادە بەدەر دەوڵەمەنـــدە، بـــەڵام بەداخـــەوە تـــا ئێـــستا هـــیچ بەرپرســـێکی کـــورد نەهاتـــووە بـــۆ بەسـەرکردنەوەی. هـەروا هـەر هەوڵێك بـۆ گەڕانـەوەی ئاوارەکان و هەر هەوڵێکی تر لەم چەشنە بـدرێت، بەرپـەرچ دەدرێـتە.). مـام مەحەمـەد نـوری حەیـدەر(تاقـە ماڵەکەی دێی مـیل) وتـی: ( خۆشـحاڵم بـە ئاوادانکردنـی نەفـتخانە و گەڕانـەوەی کەسـوکارەکەم بـۆ سـەر زەوی و کـاری خـۆیان. مـن بـە خـۆم هـەر لـە سـەرەتای دامەزراندنـی نەفتخانە 7ساڵ وەك پاسـەوان و 15 ساڵ وەك پۆلیسی پاراستنی نەوت لەوێ کارم کردووە. هیوادارم جارێکی تر بـتوانم نەفـتخانە بـۆ خاوەنەکانی بگەڕێتەوە.). بەڕێز موقەدەم ماجد وتی: ( ئێمە لێرەین و چـی پێویـستیتان هەبـوو، هاریکاریـتان دەکـەین و بـێ گـومان هـەر بـە خـۆمان پاسـەوانی ئاوارەکان دەکەین).
کـاك عـومەر مەنـسوور(بەرپرسی ڕێکخـراوی فـریاکەوتنی مرۆیـی) وتـی: ( ئێمە دەبێ ئەم جارەیـان بـە هـەوڵ و هیمەتـی هەموو لایەنە حزبی و ناحزبییەکان ئاواتی ئاوارەکان بەدی بهێنیـنن و داوا لـە هەموو خەڵك و لایەنەکان دەکەم بەهەمان کاری هاوبەشی لیستی 730 پشتیوانی لەم هەڵمەتە بکەن.

لە دوايیدا پرسیارێك خۆی دەخاتە روو: ئەگەر هەموو ئاوارەكان، خەڵك، بەرپرسەكانی لەشكر و پۆلیس و ئاسایش و حزبەكان هاودەنگ و هاوئامانجن و هێزی ئەمریكی لە ئەزموونی رابردووی ئاوارەكان، پشتیوانی خۆیان بۆ گەڕانەوەیان راگەیاند، ئەدی ئەو هێزە تاوانبارە كێیە كە توانای لە هێزی گەل و لەشكر گەورەترە و دەتوانێ رێگری لە گەڕانەوەی ئاوارەكان بكات؟!

بێ گومان ئەو هێزە هەر كێیەك بێت، پاشماوەی بەعس و ئەقڵی شۆفێنیستییە و دەبێ لەلایەن هەمان هێزی یەكگرتووی گەلەوە، سەركوت بكرێ!

سەلام عەبدوڵا













ئاوارەیمان کیشەیەکی حزبی نییە
بەڵکو کێشەی گەلیکە!


ئاوارەیمان کیشەیەکی حزبی نییە
بەڵکو کێشەی گەلیکە!


ئاوارەیمان کیشەیەکی حزبی نییە
بەڵکو کێشەی گەلیکە!